# (هەفتەی پەنابەران ) هەفتەی داکۆکی کردنە لە خواستە ئینسانیەکانی پەنابەران!

رۆژی 23-6-2005 فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەبەریتانیا بەشداری ڤیستڤالێکی کرد کە بەبۆنەی هەفتەی پەنابەرانەوە لە لەندەن رێکخرابوو. ڤیستیڤالەکە بەهاوبەشی چەندین رێکخراوی پەنابەری و ئینسانی بەرێخرا بە مەبەستی نیشاندانی هاوپشتیو بەرگریکردن لەمافەکانی پەنابەران دژی سیاسەتی جیاکاریو نەژاد پەرستیی دەولەت و هەروەها دژی سیاسەتی گیرانەوەی پەنابەران و زیندانی کردنیان لە لایەن دەوڵەتی بەریتانیاوە.

کۆمەڵێك لە ئەندامان و هەڵسوراوانی فدراسیۆن بە زنجیرەیەك چالاکی بەشداری یان کرد. لەوانە: نیشاندانی فلیمی کەمپینی رێکخراوە پەنابەریەکانی بەریتانیا لەپێناو داخستنی گرتووخانەی دەست بەسەری (کەمسفیلد) کە فدراسیۆن نەخشێکی بەرچاوی تێدا گیرا سالی 2001 ، کردنەوەی پیشانگایەکی تایبەت بە چالاکی یەکانی فدراسیۆن لەپێناو بەرەسمی ناسینی ماف پەنابەری بۆ پەنابەرانی کورد و عیراقی لە بەریتانیا.

لەم بۆنەیەدا کە لەژیر دروشمی (کاربکەین پێکەو لەپێناو بەدی هینانی ئایندەیەکی باشتر ) ساز درابوو، (دەشتی جەمال) لەسەر جیهانیبوونی مافەکانی ئینسانو ماف پەنابەری وەك سەرەتاییترین ماف ئینسانیو گرنگی هەفتەی پەنابەران بۆ خۆرێکخستن و یەکگرتوویی و هاوپشتی رێکخراوە ئینسانی و پەنابەری یەکان ،.هۆکارەکانی ئاوارەبوونی پەنابەران لەدنیای ئەمرۆی لە ژیر سایەی (نەزمی نوێی جیهانی ) و ئەو شەرو کوشتارەی کە ئەمرۆ بەرۆکی بە بەشەریەت گرتووە، قسەو باسی کرد. هەروەها لەسەر سیاسەتی داگیرکاری و میلیتاریزمی ئەمریکا و ئەوزاعی سیاسیو کۆمەڵایەتی عیراق و کوردستان، بارودۆخی خەتەرناكو فەلاکەتباری ژیانی خەڵكو لێکترازانی شیرازەی ژیانی ئاساییو نەمانی ئاسایش بۆ خەڵك لەدوای داگیرکردنی عێراقو هەروەها دەربارەی سیاسەتی دژی ئینسانی دەولەتی بەریتانیا بەرامبەر پەنابەرانی عیراقی قسەو باسی پێشکەش بە ئامادەبووان کردو تەئکیدی لەسەر پێویستیی کاری پێکەوەیی بۆ ئایندەیەکی باشتر بۆ پەنابەران کرد.

هەر لەم رۆژەدا دەیان رێکخراوی پەنابەری و ئینسانی بەدەوری خۆیان قسەو باس و چالاکی جۆراجۆریان ئەنجام دا و ئاماژەیان بەسیاسەتە دژی پەنابەریەکانی دەولەتی بەریتانیا کردو لەسەر گرنگی کاری پێکەوەیی لە پێناو مافە ئینسانی یەکانی پەنابەران، پێیان داگرت .

شایەنی باسە کەنالی سەتەلایتی الجزیرە لەگەڵ (فەرهاد سەلام ،بەیان ئەمین، دەشتی جەمال) چاو پێکەوتنی ئەنجام دا. لەم چاو پێکەوتنەدا لەسەر نائەمن بوونی عیراق و کوردستان، دژایەتیکردنی داگیرکاریی ئەمریکاو بەریتانیاو سیاسەتی دژی خەڵکیان لە عێراقو دژی هەوسار پچرانی ئیسلامی سیاسی و کوشتاری کوێرانەی خەڵك لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاو تیرۆریستانی ئیسلامیەوە قسەو باسیان کرد. لەگۆشەیەکی تری قسەکاندا ئیشارەیان بە بارودۆخی سەختی ژیانی پەنابەرانی عیراقی لەژیر سایەی سیاسەتی نامەسئوولانەی حکومەتی بەریتانیا کرد کەبە بیانووی ناراستو درۆی بوونی ئاسایش لە عێراق دا، رەفزی داواکاری پەنابەریان دەکاتەوەو هەرەشەی دیپۆرتکردنەوەیان لێ دەکاتو تەنانەت هەندێك لە خزمەت گوزاریەکانی لێ سەندوونەتەوەو مافی کارکردن و خوێندنیان پێ نادات. ... هەروەها دەربارەی چۆنیەتی رووبەرووبوونەوەی ئەم سیاسەتە دژی ئینسانی یەی حکومەتی بەریتانیا قسەو باسیان کرد.

پاشان چەند نمایشی دانس و موسیقاو شیعر خوێندنەوەو خواردن و خواردنەوە پێشکەش کرا.

**فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە بەریتانیا**

2005-6-24